ژمارە: / ٢٠١٠٧
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد: /
التأريخ: ١/١١/٢٠٢١

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - گەرمیان)**

**بابەت/ ڕێککارەکانی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو**

دوابەدوای ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) کاری پێویست ئەنجام بدەن سەبارەت بەو ڕێککارانەی خوارەوە:

١- بڕیارماندا بە پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان بە دانانی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو لە **(باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگاکان)** وە پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەری پەیمانگە بۆ هەمان مەبەست بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین.

٢- هەر مامۆستایەکی وانەبێژی دانەمەزراو لەو کاتەوەی کە دەوامی ناوەندەکانی خوێندن کراوەتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) وە وانەیان وتووەتەوە کە پێویستی ناوەندەکانی خوێندن بوون فەرمانەکانیان وەک خۆی جێ بەجێ دەکرێت بەڵام لە مەودوا لە دانانی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو پێویستە خاڵەکانی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) وەک خۆی جێ بەجێ بکرێت بە تایبەت بڕگەی سێیەم خالی (٦) .

٣- سەبارەت بە بڕگەی سێیەم خالی (٦) لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) بڕیارماندا بە پێدانی دەسەڵات تایبەت بەو دەستەواژەیەی کەلە خاڵی ئاماژە پێکراو هاتووە **(دانانی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دەبێت لە مەودوا ئەو مامۆستایانە دابنرێن کە دەرچوونی کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنیاتن, لە حاڵەتی پێویست وەزیری پەروەردە دەسەڵاتی هەیە ئەو کۆلێژ و بەشانە زیاد بکات کە پێویستیانە بە گوێرەی پسپۆرییەکانیان)** بە بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی تایبەت بە قوتابخانە ئامادەییەکان و بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان تایبەت بە باخچە و قوتابخانە بنەڕەتیەکان هەروەها بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەکان و مەشق کردن وە داواکاریەکانیان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان - ئیدارە سەربەخۆکان و پەیمانگەکان بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی وەزارەتمان.

٤- پاش ئەوەی مامۆستای میلاک لە پەیمانگە حکومییەکان بەشەوانەکانیان دەڵێنەوە بەشە وانەکانیان بە گوێرەی بڕوانامەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە, لەو پسپۆڕیانە دەبێت مامۆستای وانەبێژ پێویست بێت وە ئەو کات مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو دادەنرێت کە وانەی زێدەکی هەبێت کە لە بنەڕەتدا مامۆستای میلاکی نەبێت یان بەشەوانەی خۆیان تەواو کردبێت :

- (٢٢) بەشەوانە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم.
- (١٨) بەشەوانە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.
- (١٤) بەشەوانە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر.
- (١٠) بەشەوانە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٥- نـوێكردنەوەی فەرمـانی مامۆسـتایانی وانەبێـژی دانەمەزراو لە لایەن بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاكـان و پەیمانگەكان دەبێت ساڵانە لەسەر بنەمای پێویستی بێت و لە نێوان (٨/٢٠ تا ٩/١) كۆتایی بێت و فەرمانی كارگێڕی دەرچووبێت بەپێی ئەحكامەكانی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١)بێت .

٦- دەبێـت هەمـوو زانیارییەكـانی مامۆسـتایانی وانەبێـژی دانەمەزراو تۆماركرابێـت لە سیسـتمی (E-Parwarda) وە پڕكـردنەوەی هەمـوو خانەكـانی زانیارییەكـان بە گـوێرەی ئەو گشـتاندنەی كە لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتیی پلانـدانانی پەروەردەیی دەردەچێت.

٧- لە حـاڵەتی جێگیركـردن و دانـانی مامۆسـتای مـیلاك بـۆ ناوەنـدەكانی خوێنـدن پێویستە بەڕێـوەبەری ناوەنـدەكانی خوێندن ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بكاتەوە لە هاتنی مامۆستای میلاك بۆ بـاخچەكەی یـان قوتابخـانەكەی وە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا هەوڵبدات سـوود لە خزمەتگوزاری ئەو مامۆسـتا وانەبێژە دانەمەزراوە وەربگرێـت كە مامۆستای میلاك هاتۆتە شوێنی بەپێـی خاڵەكانی ڕێنمایی دارایـی ژمـارە (١٤) ی سـاڵی (٢٠٢١) بـۆ پەیماگاكان هەمـان ڕێكاری كارگێری دەگیرێتە بەر .

٨- لە حـاڵەتی وەرگرتنـی مـۆڵەتی (٢١) ڕۆژی منـداڵبوون لە لایەن مامۆسـتای وانەبێـژی دانەمەزراوی ئـافرەت پێویسـتە بەڕێوەبەری ناوەندەكانی خوێندن مامۆستایەكی تر ڕاسـپێرێت بـۆ ووتنەوەی وانەكـان تـا كـاتی گەڕانـدنەوەی مامۆسـتای مـۆڵەت پێـدراو , ئەگەر هـاتوو نەگەڕایەوە ئەوە پێویسـتە بەڕێـوەبەری ناوەنـدی خوێنـدن ئاگـاداری بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بكاتەوە لە دانانی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراوی نوێ.

٩- لیژنەیەک لە ناوەندەكانی خوێندن پێک دێت بە ناوی لیژنەی شایستەی دارایـی مامۆسـتایانی وانەبێـژی دانەمەزراو لەم كەسانەی خوارەوە:

- یەكێک لە یاریدەدەرەكانی قوتابخانە سەرۆک لیژنە
- مامۆستای میلاک ئەندام
- مامۆستای میلاک ئەندام

- ئەو لیژنەیە هەڵدەستێت بە ئامادەكردن و پڕكردنەوەی زانیارییەكانی خشتەی ژمارە (١) ی ڕێنمایی دارایـی ژمـارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) وە جێ بەجێ كردنی گشت خاڵەكانی ڕێنمایی ئاماژە پێكراو وە واژووكردنـی بەڕێـوەبەری ناوەنـدی خوێنـدن لەسـەر ئەو خشـتەیە وە نـاردنی بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاكـان لە نێـوان (٢٤ تـا ٢٦)ی هەمـوو مانگێـک بە پـێچەوانەوەی ڕێكـاری یاسـایی بەرامـبەر هەر كەمتەرخەمـیەک لە لایەن بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاوە پێویسـتە بگیرێتەبەر.
- فەرمانی ئەو لیژنەیە دەردەچێت لە ناوەندەكانی خوێندن بە واژووی بەڕێوەبەری قوتابخانە.

١٠- لە ئاسـتی پەروەردەی قەزا لیـژنەیەک پێكـدێت لە (بەڕێــوەبەری پەروەردە - فەرمــانبەری خــۆیەتی ئامــادەیی - فەرمانبەری خۆیەتی بنەڕەتی - لێپرسراوی خۆیەتی و میلاكات - لێپرسراو و فەرمانبەرانی ووردبینی - فەرمانبەرێكی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ژمێریاری - لێپرسراوی ژمێریاری) لە ماوەی تەنها (٥) پێنج ڕۆژی کارکردن هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و ووردبینی کردنی خشتەی ژمارە(١) کە هاوپێچی ڕێنمایی دارایی ئاماژە پێکراوە پاشان هەموو خشتەی قوتابخانەکان لە خشتەی ژمارە (٢) کە هاوپێچی ڕێنمایی دارایی ئاماژە پێکراوە ئامادەی دەکەن و دەینێرن بۆ گەنجینە پەیوەندیدارەکان وە پێویستە وێنەیەک لە خشتەی ژمارە (٢) بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا/ ئیدارە سەربەخۆکان.

١١ - لیژنەیەک لە پەیمانگەکان پێکدێت بە ناوی لیژنەی شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو لەم کەسانەی خوارەوە:

- بەڕێوەبەری پەیمانگە سەرۆکی لیژنە
- فەرمانبەری خۆیەتی ئەندام
- فەرمانبەری ژمێریار ئەندام

- ئەو لیژنەیە هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و پرکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٥) ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) وە جێ بەجێ کردنی گشت خاڵەکانی ڕێنمایی ئاماژە پێکراو وە ناردنی بۆ یەکەی ژمێریاری پەیمانگەکان لە نێوان (٢٤تا ٢٦)ی هەموو مانگێک بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم دەگیرێتەبەر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشق کردن.
- فەرمانی ئەو لیژنەیە دەردەچێت لە پەیمانگەکان بە واژووی بەڕێوەبەری پەیمانگە.

١٢ - لە ئاستی یەکەی ژمێریاری پەیمانگەکان لیژنەیەک پێکدێت لە ( بەڕێوەبەری پەیمانگە - فەرمانبەرێکی ژمێریاری - ووردبینی - لێپرسراوی ژمێریاری) لە ماوەی تەنها ( ٥ ) پێنج ڕۆژدا هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و ووردبینی کردنی خشتەی ژمارە (٥) ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) پاشان خشتەی پەیمانگەکانی سەر بەو یەکەی ژمێریارییە لە خشتەی ژمارە (٦) کە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادەیی دەکەن و دەینێرن بۆ گەنجینە پەیوەندیدارەکان.

١٣- سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر دەسەڵاتی تەواوی دەبێت کە چاودێری لیستی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بکات لەو ناوەندانەی کە بۆی دیاری کراوە وە پێویستە دڵنیابێتەوە کە ڕێنماییەکانی دارایی و پەروەردە بە تەواوی جێ بەجێ کراون، لە حاڵەتی بوونی هەر تێبینیەک ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای لێ ئاگادار دەکاتەوە بە نووسراوی فەرمی وە دڵنیابێتەوە لەوەی کە خشتەی شایستە داراییەکانی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بەپێی خاڵەکانی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادەکراوە و جێ بەجێ کراوە .

١٤- لیژنەیەک لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان - ئیدارە سەربەخۆکان پێکدەهێندرێت کە مافی چاودێری کردن و ووردبینی کردنی لیستی شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراوی هەیە لە هەرکاتێک, وە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیمانگەکان و مەشق کردن لە هەمان لیژنەیان دەبێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٥- وەزارەتی پەروەردە بەدواداچوون دەکات لەڕێگای پێکهێنانی لیژنەیەک لەسەر هەموو خاڵەکانی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٢١) و هەموو خاڵەکانی ئەو گشتاندنە لەسەر دۆسیەی مامۆستایانی وانەبێژانی دانەمەزراو و لیستی شایستە داراییەکانیان لە حاڵەتی هەبوونی هەر سەرپێچیەک لەو ڕێنماییە و بڕگەکانی ئەو گشتاندنە ئەوا ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم.

١٦- شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بۆ ئەو مانگانەی ماوە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠-٢٠٢١) پاش گەڕانەوەی ڕەزامەندی بۆیان بە گوێرەی گشتاندنێک خەرج دەکرێت ، بەڵام بۆ ئەوەی شایستەی داراییان بۆ ئەمساڵی خوێندن بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە ( ١٤ ) ی ساڵی( ٢٠٢١) دوانەکەوێت ، پێویستە ناوەندەکانی خوێندن لە پاش ئەم گشتاندنە لە ماوەی ( ٥ ) پێنج ڕۆژی کارکردن لیستی شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بۆ مانگی(٩) ی ساڵی (٢٠٢١) بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا , وە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاش لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژی کارکردن ڕێکارەکان تەواو بکەن و ئاراستەی گەنجینەکانی پەیوەندیدار بکەن ، بە ڕەچاوکردنی پێکهێنانی لیژنەکان کە لەم گشتاندنە ئاماژەی پێدراوە هەروەها بە بەکارهێنانی ئەو فۆرمانەی کە هاوپێچە و تەنها ئەو شێواز و کلێشانە لە لایەن گەنجینەکانەوە پەسەند دەکرێن کە لە ڕێنمایی دارایی ئاماژە پێکراودا هاتووە, زیادکردنی ڕێکارەکانی ڕۆژی ئامادەکردنی لیستی شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژانی دانەمەزراو بۆ ناوەندەکانی خوێندن تەنها بۆ مانگی (٩) یە و مانگەکانی دیکە دەبێت لەماوەی ( ٢) دوو ڕۆژ لیستەکان بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا.

١٧- دەبێت هەموو ناوەندەکانی خوێندن تا( ٧ ی ١١ ی ٢٠٢١) دۆسیە بۆ مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بکەنەوە کە هەر دۆسیەیەک پێویستە ئەم پێداویستیانەی تێدابێت (**پشتگیری بروانامە بە نمرە - کارتی نیشتیمانی یان نفوس و جنسیە - کارتی زانیاری - دوو وێنە - پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون " موختار" - فەرمانی کارگێڕی دانان**)، هەر مامۆستایەکی وانەبێژی دانەمەزراو پێشتر دۆسییەی بۆ کرابێتەوە پێویست بە سەر لەنوێ کردنەوەی دۆسییە ناکات ئەگەر کەموکوریی لە دۆسییەکەی هەبێت پێویستە بەڵگەنامەکان پێشکەش بکات، پاشان باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەکان دۆسیەکە دەنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا .

١٨- سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەڵەبجە لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەرورەدەی قەزای نی یە بۆیە هەر بەخۆیان هەمان کاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان دەکەن بە هەمان شێوە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوک و هەندێک لەو پەیمانگەیانەی کەتەنها یەک پەیمانگەن لە سنووری یەکەی ژمێریاریەکەی.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٤ ) ی ساڵی (٢٠٢١ ) بە هەموو ئەحکامەکان و برگەکانی پێویستە وەک خۆی جێ بەجێ بکرێت لە دوای دەرچونی ئەو گشتاندنە.

هاوپێچ:

١- خشتەی ژمارە ( ١ ) تایبەت بە باخچە و قوتابخانەکان.

٢- خشتەی ژمارە ( ٢ ) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا.

٣- خشتەی ژمارە ( ٣ ) تایبەت بە قوتابخانەکان (شایستەی مانگانەی وانەبێژانی دانەمەزراو ئەوانەی بە گوێرەی برگەی سێیەم خالی ٣ لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی ( ٢٠٢١ ) هاتووە).

٤- خشتەی ژمارە ( ٤ ) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا (شایستەی مانگانەی وانەبێژانی دانەمەزراو ئەوانەی بە گوێرەی برگەی سێیەم خالی ٣ لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤ )ی ساڵی ( ٢٠٢١ ) هاتووە).

٥- خشتەی ژمارە ( ٥ ) تایبەت بە پەیمانگەکان.

٦- خشتەی ژمارە ( ٦ ) تایبەت بە یەکەی ژمێریاری پەیمانگەکان.

ئالان حمەسعید صالح

وەزیری پەروەردە

٢٠٢١/ ١١/ ٩

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان.لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / نوسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری . لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان .
- گشت بەڕێوەبەراتییە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت.
- ب.گ.پ.کەرکوک / بەشی خوێندنی کوردی / بۆ کاری پێویست.
- ب.ژمێریاری / خەرجیەکان/ گشت بەڕێوەبەراتییەکانی سەر بە وەزارەت ( ) بۆ کاری پێویست.
- خولاو .



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner